# کوردستان پۆست بەرپرسیاری یەکەمی گرتنی دکتۆر کەمال سەید قادرە و نەشیتوانی مەبەستە نێگەتیڤەکانی بپێکێت ... شاسوار کەریم

سایتی کوردستان پۆست کە بە دیدی من هەروەك ئەڵێن (بیر و ڕا ئازادە) سایتێکی نەرێنی کوردی سەر تۆڕی ئەنتەرنێتە و هەرچەند بابەت و سلۆگانەکانی ئەخوێنمەوە هیچ پەیوەندیەکی بە رۆژنامەگەری و یاسکانیەوە نیە تەنیا دروستکرنی دووبەرەکی و جنێودان بەم و ئەو نەبێت ؛ لە هەمان کاتدا کوردستان پۆست حەدی نیە و نەیتوانیوە و ناشتوانێت ڕەخنە لەو لایەن و کەسانە بگرێت کە پشتگیری ئەکەن لە کاتێکدا هەموو ژیانی ئەو کەسانە ڕەخنەیە و خۆشیان باش ئەزانن ئەم کەس و لایەنانە کێن ؛ هەرچی نووسەری زمان شڕ و جنێودەر و نەخۆش هەیە لە دەروری ئەم سایتە نەرێنیە کۆبوونەتەوە و کوردستان پۆستیش بە بەهانەی ئازادی هزر و نووسین بابەتەکانیان بلاو ئەکاتەوە و لەهەمان کاتیشدا بابەتێك بڵاو ناکاتەوە کە ڕاستی تیابێت و لە بەرژەوەندی ئەوان و پشتیوانانیان نەبێت.

دکتۆر کەمال سەید قادر لەگەڵ ئەوەی کە من بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ شێوازی نووسینەکانی نەبووم و کاتیك هەواڵی گرتنیشی لە هەولێر بڵاوکرایەوە هەپەسام چونکە هەرچۆنێك بێت ئەمە لەگەڵ یاساکانی دادوەری و لێپرسینەوەی نووسەر یەکترناگرێتەوە و هەر لێرەوەش داوا ئەکەم کەوا دکتۆر کەمال ئازاد بکرێت و بە شێوەیەکی یاسایی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت ؛ لە بابەتێکی پێشوتریش دا داوای ئەوەم لە دکتۆر کەمال کردبوو کە کێشەکەی بە شێوەیەکی هێمنانە و دوور لە توند و تیژی چارەسەر بکات بەڵام کوردستان پۆست ئەو دەرفەتەی پی نەدا و تووشی ئەم هەڵەیەی کرد.

بەڵام ئێمە با بپرسین و لێی وورد بینەوە چی بووە هۆی ئەوەی دکتۆر کەمال وای بەسەر بێت؟

هەروەکو هەمووومان دەزانین بابەتەکانی دکتۆر کەمال تەنیا لە کوردستان پۆست جێگایان هەبوو ؛ کوردستان پۆست بە ناونیشانی مەزن و بریقەدارەوە و بە بەهانەی ئازادی ڕادەربڕین پشتگیری لە نووسینەکانی دکتۆر کەمال ئەکرد کە بەپێی نووسینەکانی ئەو کێشەیەکی تایبەتی لەگەڵ مەسعود بارزانی و بنەماڵەکەی دا هەیە و کوردستان پۆستیش بۆ گەرمکردنی کێشەکە و هەروەك پیشەی هەمیشەیی کێشەی دکتۆر کەمالیان کردبوو بە کێشەی گەلی کورد و دکتۆریش بەو بڕوایەی کە کێشەکەی بە جنێودان و ئافەرینەکانی کوردستان پۆست و هاوەڵەکانی چارەسەر ئەکات تووشی ئەم هەڵەیە بوو.

ئەگەر پشتگیری کوردستان پۆست نەبوایە لە نووسینەکان و هەڵوێستە نێگەتیڤەکانی دکتۆر کەمال ؛ بڕواناکەم دکتۆر تووشی هەڵەیەکی وەها ببوایە نەدەگەڕایەوە هەولێر و بەم شێوەیە بەدوای چارەسەرکردنی کێشەکەی دا نەئەگەڕا بەڵکو چەندەها ڕێگای تر هەیە کە دکتۆر کەمال بێ ئەوەی وای بەسەر بی کێشەکەی چارەسەر بکردایە ؛ بەڵام پشتگیری و پیاهەڵدانی کوردستان پۆست بە بابەت و نووسینەکانی دکتۆر کەمال ئەم کێشەیەی دروست کرد ؛ کوردستان پۆست دکتۆر کەمالی کرد بە واجیهەیەك بۆ ئەوەی مەبەستە شاراوەکانی بەجی بگەیەنێت کە داخی گران نەیتوانی بیپێکێت.

بێگومان هەرمرۆڤێك جا لە چ ئاستێكی زانستی و هزری دا بێت یان چەندەها بڕوانامەی هەبێت ئامادەیە بۆئەوەی هەڵە بكات باجی هەڵەكەش هەر خۆی ئەیداتەوە بەڵام بەڕای من ئەو كەسەی كە ئەبێتە هۆی سەرەكی دروستبوونی هەڵەكە ئەبی ئەمیش باج بدات.

بەهەر حاڵ لە كۆتایی دا ئازادی بۆ دكتۆر كەمال ئەخوازم و دادگایەكی دادوەرانەش بۆ كوردستان پۆست چونكە ئەوان سەبەبی سەرەكی دروستكرنی ئەم كێشەیەن بەهۆی گوی نەدان بە ئەخلاق چوارچێوەكانی رۆژنامەوانی و پێكانی مەبەستە تایبەتی و شاراوەكانیان.

Shaswar75"yahoo. com